**Individ, Freedom, Reason, Justice, Toleration**

Liberal Party of Kurdistan

**پارتی لیبرالی کوردستان**

**پارتی نۆپۆزیسیۆن**

**2006-06-23**

لە پێناوی دابینکردنی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا

دەستور وەکو دۆکۆمێنتێکی یاسایی نەک هەر بنەما سەرەکی یەکانی حوکم لە ولاتێکو هەرێمێکدا دەستنیشان دەکاتو مافو ئەرکەکانی دەسەلات دەژمێرێت، بەلکو جگە لە ڕێکخستنی پەیوەندی یەکانی نێوان دەزگاکانی دەولەتو هەر سێ دەسەلاتەکەش، پەیوەندی نێوان هاولاتیانو دەسەلاتیش ڕێکدەخات، ئەمیش لە ڕێگای ژماردنی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکانی هاولاتیان وە دیاری کردنی سنوری دەسەلاتی سیاسی بەرامبەر بە تاکە کەس.

لە سیستەمێکی فیدرالیا دەستور جیا لەوە هەلدەستێت بە دابەشکردنی سەروەری دەسەلاتەکان لە نێوان دەسەلاتی فیدرالیو هەرێمەکانیشدا.

هەر هەرێمێکی فیدرالیش بۆی هەیە دەستورێکی سەربەخۆی هەبێت بە مەرجێک لە چوارچێوە سەرەکی یەکەی دەستوری فیدارالی دەرنەچێت.

ئەوەی پەیوەندی بە مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکانیشەوە هەبێت ئەوا دەستوری هەرێمێک بۆی هەیە بە شێوەیەکی فراوانتر ئەم مافانە بۆ هاولاتیان دابین بکات، چونکە هەر هەرێمێک لەوانەیە تایبەتمەندی ئابوریو، کۆمەلایەتیو، سیاسیو، پێکهاتەی ئێتنیو ئاینی خۆی هەبێت.

بێ گومان ژماردنی ئەم مافانە لە دەستور بە تەنها ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئەم مافانە لە ڕاستەقینەشدا بۆ بەرژەوەندی هاولاتیان سودی لێ وەردەگیرێت، هەروەکو لە زۆر لە ولاتە تاکرەوو دیکتاتۆری یەکاندا باوە کاتێک مافە دەستوری یەکان دەکرێنە پەردەیەک بۆ شاردنەوەی ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەم جۆرە ڕژێمانە تاکو لە پشت پەردەکە چەوسانەوەو دەمکوتکردنەوە درێژەی پێ بدرێت.

دابین کردنی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان جگە لە ژماردنیان لە دۆکۆمێنتێکی دەستوریدا، پێش هەمو شتێک پێ ویستیان بە سیستەمێکی دادگایی لێهاتوو، سەربەخۆو بێ لایەن هەیە کەوا چاودێری جێ بە جێ کردنیان بکات لە تەک یاسایەکی تایبەت لە سەر جێ بە جێ کردنی ئەم مافانە، واتە بۆ نمونە هاولاتیان لە کاتی پێویستدا چۆن بتوانن سکالا بەرزکەنەوەو ڕوو لە کوێ بکەن.

پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش وا خەریکی ڕاگەیاندنی دەستورێکە بۆ هەرێم، کەوا بێ گومان دەبێت مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان بەشێکی گرنگی ئەم دەستورە بن.

بۆیە ئێمە وەکو پارتی لیبرالی کوردستان زۆر بە گرنگی دەزانین ئەم خالانەی خوارەوە بخەینە پێش پەرلەمانی کوردستان:

1. ئەو مافە دەستوری یانەی کەوا لەم دەستورەدا دەژمێردرێن دەبێت زۆر فراوانتر بن لەم مافانەی کەوا لە دەستوری عێراقی فیدرالی ژمێرراون، بە تایبەتی لە بواری مافە ئابوریو، کۆمەلایەتیو، کولتوریو مافی کەمایەتی یە ئێتنیو ئاینی یەکاندا.

2. دەبێت میکانیزمێکی یاسایی کاریگەر لە دەستورەکە دەستنیشان بکرێت بۆ جێ بە جێ کردنی مافەکان لە ڕاستەقینەدا تاکو هەر بە دروشم نەمێننەوە.
3. ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی دادگایی یەوە هەبێت، ئەوا بە ڕای ئێمە باشترین ڕێگا بۆ چاودێری کردنی جێ بە جێ کردنی ئەم مافانە، دامەزراندنی دادگایەکی لێ هاتوو، سەربەخۆو بێ لایەنی تایبەتە بە مافی مرۆڤ. ئەندامەکانی ئەم دادگایە پێ ویستە بریتی بن لە ژمارەیەکی دیاری کراو لە یاساناسانی لێهاتوی خاوەن ئەزمونو باوەڕپێکراو کەوا لە لایەن پەرلەمانەوە هەلبژێردرێن. ڕێگایەکی تریش ئەوەیە کەوا دادگای دەستوری خۆی بەم کارە هەلسێت بە مەرجێک ژمارەی ئەندامەکانی تەنها لە دادوەران  پێک نەیەت بەلکو لە پێناوی شەفافیەت چەند کەسایەتی سیاسیو کۆمەلایەتی ناسراوو باوەڕپێکراویش لە خۆی بگرێتەوە.
4. یاسایەکی جێ بە جێ کردنی ئەم مافانە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت، بە جۆرێک کەوا ئاسانترین ڕێگا بۆ هاولاتیان دیاری بکات بۆ بە دواچونەوەی مافەکانیان لە کاتی پێ ویستدا. بۆ نمونە پێشکەشکردنی سکالا بە شێوەیەکی ئاسانو ساکار بۆ دادگای مافی مرۆڤ یاخود دادگای دەستوری لە لایەن تاکە کەسەوە وە بە بێ هیچ کۆسپێکی بیرۆکراتی وە بە بێ چەسپاندنی خەرجی یەکی ئەوتۆ.
5. ئەگەر هاولاتی بە هۆی ئالۆزی کێشەکە پێ ویستی بە پارێزەر کرد، ئەوا دەبێ ئەرکی خەرجی پارێزەر بکەوێتە سەر دادگا خۆی.
6. ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی بۆیان هەبێت سکالا بەرز کەنەوە لە بەردەم دادگا لە حالەتی پێشێلکردنی مافی تاکە کەسو پێشێلکردنی مافەکان بە شێوەیەکی گشتی.

پارتی لیبرالی کوردستان لەم باوەڕەیە کەوا پێوەری شارستانیەت لە هەر کۆمەلگایەک بریتی یە لە ڕێز گرتنی ئەم کۆمەلگایە لە مافەکانی بێ هێزترین هەلقە ئەندامەکانی.
هیواداریین ئەم پرنسیپەش شوێنی تایبەتی خۆی لە دەستوری کوردستاندا بۆ دیاری بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا
لەپێناو حوکمی چاک و حکومەتی چاکدا
پارتی لیبرالی کوردستان.

**BIG PEOPLE; SMALL GOVERNMENT**

**Liberal Party of Kurdistan_LPK_**
www.lpok.org
Email: liberalparty@lpok.org

**Individ, Freedom, Reason, Justice, Toleration**

Liberal Party of Kurdistan

2006-06-23

Liberal Party of Kurdistan

پارتی لیبرالی کوردستان

پارتی ئۆپۆزیسیۆن

لە پێناوی دابینکردنی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا

دەستور وەکو دۆکۆمێنتێکی یاسایی نەک هەر بنەما سەرەکییەکانی حوکم لە ولاتێکو هەرێمێکدا دەستنیشان دەکاتو مافو ئەرکەکانی دەسەلات دەژمێرێت، بەلکو جگە لە ڕێکخستنی پەیوەندی یەکانی نێوان دەزگاکانی دەولەتو هەر سێ دەسەلاتەکەش، پەیوەندی نێوان هاولاتیانو دەسەلاتیش ڕێکدەخات، ئەمیش لە ڕێگای ژماردنی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکانی هاولاتیان و دیاری کردنی سنوری دەسەلاتی سیاسی بەرامبەر بە تاکە کەس.

لە سیستەمێکی فیدرالیا دەستور جیا لەوە هەلدەستێت بە دابەشکردنی سەروەری دەسەلاتەکان لە نێوان دەسەلاتی فیدرالیو هەرێمەکانیشدا.

هەر هەرێمێکی فیدرالیش بۆی هەیە دەستورێکی سەربەخۆی هەبێت بە مەرجێک لە چوارچێوە سەرەکی یەکەی دەستوری فیدارالی دەرنەچێت.

ئەوەی پەیوەندی بە مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکانیشەوە هەبێت ئەوا دەستوری هەرێمێک بۆی هەیە بە شێوەیەکی فراوانتر ئەم مافانە بۆ هاولاتیان دابین بکات، چونکە هەر هەرێمێک لەوانەیە تایبەتمەندی ئابوریو، کۆمەلایەتیو، سیاسیو، پێکهاتەی ئێتنیو ئاینی خۆی هەبێت.

بێ گومان ژماردنی ئەم مافانە لە دەستور بە تەنها ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئەم مافانە لە ڕاستەقینەشدا بۆ بەرژەوەندی هاولاتیان سودی لێ وەردەگیرێت، هەروەکو لە زۆر لە ولاتە تاکڕەوو دیکتاتۆری یەکاندا باوە کاتێک مافە دەستوری یەکان دەکرێنە پەردەیەک بۆ شاردنەوەی ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەم جۆرە ڕژێمانە تاکو لە پشت پەردەکە چەوسانەوەو دەمکوتکردنەوە درێژەی پێ بدرێت.

دابین کردنی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان جگە لە ژماردنیان لە دۆکۆمێنتێکی دەستوریدا، پێش هەمو شتێک پێ ویستیان بە سیستەمێکی دادگایی لێهاتوو، سەربەخۆو بێ لایەن هەیە کەوا چاودێری جێ بە جێ کردنیان بکات لە تەک یاسایەکی تایبەت لە سەر جێ بە جێ کردنی ئەم مافانە، واتە بۆ نمونە هاولاتیان لە کاتی پێویستدا چۆن بتوانن سکالا بەرزکەنەوەو ڕوو لە کوێ بکەن.

پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش وا خەریکی ڕاگەیاندنی دەستورێکە بۆ هەرێم، کەوا بێ گومان دەبێت مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان بەشێکی گرنگی ئەم دەستورە بن.

بۆیە ئێمە وەکو پارتی لیبرالی کوردستان زۆر بە گرنگی دەزانین ئەم خالانەی خوارەوە بخەینە پێش پەرلەمانی کوردستان:

1. ئەو مافە دەستوری یانەی کەوا لەم دەستورەدا دەژمێردرێن دەبێت زۆر فراوانتر بن لەم مافانەی کەوا لە دەستوری عێراقی فیدرالی ژمێرراون، بە تایبەتی لە بواری مافە ئابوریو، کۆمەلایەتیو، کولتوریو مافی کەمایەتی یە ئێتنیو ئاینی یەکاندا.

2. دەبێت میکانیزمێکی یاسایی کاریگەر لە دەستورەکە دەستنیشان بکرێت بۆ جێ بە جێ کردنی مافەکان لە ڕاستەقینەدا تاکو هەر بە دروشم نەمێننەوە.
3. ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی دادگایی یەوە هەبێت، ئەوا بە ڕای ئێمە باشترین ڕێگا بۆ چاودێری کردنی جێ بە جێ کردنی ئەم مافانە، دامەزراندنی دادگایەکی لێ هاتوو، سەربەخۆو بێ لایەنی تایبەتە بە مافی مرۆڤ. ئەندامەکانی ئەم دادگایە پێ ویستە بریتی بن لە ژمارەیەکی دیاری کراو لە یاساناسانی لێهاتوی خاوەن ئەزمونو باوەڕپێکراو کەوا لە لایەن پەرلەمانەوە هەلبژێردرێن. ڕێگایەکی تریش ئەوەیە کەوا دادگای دەستوری خۆی بەم کارە هەلسێت بە مەرجێک ژمارەی ئەندامەکانی تەنها لە دادوەران پێک نەیەت بەلکو لە پێناوی شەفافیەت چەند کەسایەتی سیاسیو کۆمەلایەتی ناسراوو باوەڕپێکراویش لە خۆی بگرێتەوە.
4. یاسایەکی جێ بە جێ کردنی ئەم مافانە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت، بە جۆرێک کەوا ئاسانترین ڕێگا بۆ هاولاتیان دیاری بکات بۆ بە دواچونەوەی مافەکانیان لە کاتی پێ ویستدا. بۆ نمونە پێشکەشکردنی سکالا بە شێوەیەکی ئاسانو ساکار بۆ دادگای مافی مرۆڤ یاخود دادگای دەستوری لە لایەن تاکە کەسەوە وە بە بێ هیچ کۆسپێکی بیرۆکراتی وە بە بێ چەسپاندنی خەرجی یەکی ئەوتۆ.
5. ئەگەڕ هاولاتی بە هۆی ئالۆزی کێشەکە پێ ویستی بە پارێزەر کرد، ئەوا دەبێ ئەرکی خەرجی پارێزەر بکەوێتە سەر دادگا خۆی.
6. ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی بۆیان هەبێت سکالا بەرز کەنەوە لە بەردەم دادگا لە حالەتی پێشێلکردنی مافی تاکە کەسو پێشێلکردنی مافەکان بە شێوەیەکی گشتی.

پارتی لیبرالی کوردستان لەم باوەڕەیە کەوا پێوەری شارستانیەت لە هەر کۆمەلگایەک بریتی یە لە ڕێز گرتنی ئەم کۆمەلگایە لە مافەکانی بێ هێزترین هەلقە ئەندامەکانی.
هیواداریین ئەم پرنسیپەش شوێنی تایبەتی خۆی لە دەستوری کوردستاندا بۆ دیاری بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا
لەپێناو حوکمی چاک و حکومەتی چاکدا
پارتی لیبرالی کوردستان.

**BIG PEOPLE; SMALL GOVERNMENT**

**Liberal Party of Kurdistan_LPK_**
www.lpok.org
Email: liberalparty@lpok.org